# دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ

زانا خەلیل

### دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ

بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم
دەبێ لەدەستپێکەوە دەست پێبکەم..
بۆ ئەوەی دەستپێکی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم
دەبێ لەپێناوی (ڕازیکردن) خۆشەویستی نەکەم.
نابێ لەپێناوی ڕازیکردن خۆشەویستی بکەم.
بۆ ئەوەی دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ نوێ دەست پێبکەم
دەبێ تەنیا لەپێناوی خۆشەویستی خۆشەویستی بکەم.

### کۆکی و ناکۆکی

پێدەچێ کۆکی ناخۆشتربێ لەناکۆکی
یان ناکۆکی خۆشتربێ لە کۆکی
گەرنا بۆچی هەموو دنیا کۆکە لەسەر ناکۆکی؟

### ٧٧ ساڵ

٧ ساڵە، تەنیا ٧ جار خیانەتت لە ژنەکەت کردووە.
بەڵام ٧ ساڵ بەرلەوەی ژن بێنی
بە ٧ ساڵ خیانەتت لە ٧٧ ژن کردبوو.
بۆیە ئێستا لە ٧ سەعاتدا
ملیۆن جار گومان دەکەی
ئاخۆ لە ماوەی ٧٧ ساڵدا
ژنەکەت تەنیا جارێ خیانەتت لێدەکا!؟

### شاعیری ڕەش

شاعیرێکی سپی لەنێوانی دوو ژووری ڕەشدا ئێرە و ئەوێ دەکا.
شاعیرێکی سپی لەنێو دوو ژووری ڕەشدا دانیشتووە.
شاعیرێکی سپی لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەشدا
بەڕەشی دەنووسێ: ڕەش ڕەش.

لەنێو دوو ژووری ڕەشدا
لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەشدا



بەبەغایەکی ڕەش و بە قەڵەمێکی ڕەش
پۆرترێتی شاعیرێکی ڕەش دروست دەکا ڕەش ڕەش.

### سەفەری مەیموونەکان

لە ئۆقیانووسێکی قووڵایی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنان مرۆڤ لەنێو کەشتی زەمەندا
ڕووە و خاڵێکی زانراو لە ڕێدان.

لە ئۆقیانووسێکی قووڵایی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنان مەیموون لەنێو کەشتی زەمەندا
نایانەوێ بزانن
بەرەو کوێ لەسەفەردان!!

### سێرک و خۆشەویستی

مەیموونێکی جوان
پرتەقاڵەکانی نێو لەپی هەڵدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
کە لە سێرک تەواو بوو.. زانی
زانی ئەوانە پرتەقاڵ نەبوون پیاو بوون!
لەگەڵ ئەوەشدا.. پێکەنی.

### هەمیشە زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر

هێشتا دەرفەتێک ماوە بۆ دەرفەت.
هێشتا ڕێکەوتێک ماوە بۆ پێشوازیکردن لە ڕێکەوت.
هێشتا چارەنووسێک ماوە بۆ گۆڕینی چارەنووس.
هێشتا دەم و لێوێک ماوە بۆ ماچ.
هێشتا زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر.

هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ژنێک
بەدزی مێردەکەی گۆرانی بۆ دراوسێکەیان بڵێ.
هێشتا ڕێکەوتێ ماوە بۆ پیاوێک
چرقەی نیوەڕۆ بە پێدزکێ بچێتە ماڵی ژنێک.
هێشتا چارەنووسێک ماوە
کە ئاگر لە هەموو چارەنووسێ بەردا.
مەترسە لە ژیان لەو کاتەی کە لەمەرگ دەترسێ.
مەترسە لە مەرگ لەوکاتەی کە لە ژیان دەترسێ.
هەمیشە دەمو لێوێک ماوە بۆ ماچ.
هەمیشە زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر.